# خەزێنەی گۆرانییەکانی جەمیل نەوسوودی

دارا محەمەد عوسمان هەورامی
(سلێمانی)
( ٢- ٢ )

پاشای گۆرانیواچان، بە چڕینی شیعری فۆلکلۆری پێوەندیی خۆی زۆر بە ڕوونی لەگەڵ ئەو هونەرمەندانەدا، توانیویانە خزمەت بکەن، هەروەها توانایی باشی لە سوودوەرگرتن لە شیعرە فۆلکلۆرییەکان و هێشتنەوەی ئەو شیعرانە لە دەقی خۆیاندا بە جوانی ڕاگرتووە، بەمەش دەریخستووە کە هونەرمەندانە هونەری گۆرانی وڵاتەکەیان بە زیندوویی بهێڵێتەوە، ئەو زۆر عاشقی کێو و تەلان و هەرد و تاق و باخاتی وڵات بووە، پشکۆی ژێر خۆڵەمێشی داربەڕووە خۆڕاگرتووەکان بووە. لە گۆرانییەکاندا زۆر عاشقانە توانیویەتی عەشقی خۆی لە هەڵبژاردنی شیعری شاعیراندا بە تەواوەتی ئاوێزانی خاکوخۆڵی وڵاتی ئاریانڤاچەکان بکات و ئاوازەکانی بە شێوەیەکی جوان گوتووە. بۆ نموونە ئەم هۆزانەی میرزا ئۆلقادری پاوەیی کە ئاوێزانی گۆرانییەکەی کردووە، بەم شێوەیە بووە:

**ئازیز بەو پەنجەی بلوور باخەوە**
**بەو سیمی ئەنگوست نەرمی ساقەوە**
**کێ دییەن بلوور پۆڵاش مەڕدە بۆ؟**
**کێ دییەن شەکەر تەوەن مەڕدە بۆ؟**
**ئیتر تا مەحشەر بناڵا باڵا**
**مەحرومی جە دین ئەو بەژن و باڵا.**

ئەم هونەرمەندە وەک خۆنواندن نەهاتووەتە مەیدانی ئاواز و گۆرانییەوە، بەڵکوو وەک لووتکەی شاهۆ لە بواری هونەری گۆرانیدا لە (سیروان)ەوە بۆ لووتکە هەزار بە هەزارەکان هاتووە، هەموو پلەکانی سەرکەوتووانە بڕیوە. لێرەدا نەوسوودی بەیت و شیعرەکانی فرە بە جوانی هێناون و ئاوێزانی ئاوازەکانی (مەلە سەرشین) و (ئایشێ وەی) و (خواڵەداد) کردوون، هەروەک خۆی دەڵێت:

**کەلەکە و شەمشی ئیدیم و ئۆدیما**
**تا دیچ وەرمێو بێ دیما و نەدیما**
**دەرە و نەوسوودی و باخ و سەوزایی**
**سڵام کیانۆ پەی دەرەو ناوێ**
**تۆ چی مەپەرسی ژیانم تاڵا**
**واو وەیلا و گەرما بێ چەمە سیاوا**
**تۆ چی دڵت دا بە دێوانە و شێت**

**یاخوا گەردوون خێر نارۆ تۆ ڕێت**
**تۆ وێت مرانی عاشق بێ یانەن**
**دەسە و عاشقا بێ خانە و لانەن.**

شالووران هەمیشە عاشقی گوڵانن، لەناو باخ و باخاتدا دەجریوێنن، دەچریکێنن، ئێستا کێ گۆرانی بۆ دەرەی نەوسوود و حەوزە لارە بڵێت؟ شەم بۆ وەلی دێوانە وەک مۆم دەسووتا، جەمیلی نەوسوودیش بۆ هونەر و ئاوازی بەرزەچڕی سیاوچەمانە، بۆ دەیان عاشقی سیاوچەمانە دەسووتا، شیعری شاعیرانی ئاهوڕایی و هەورامان هەوێنی ئاوازەکانی بوون، لە دڵ و دەروونی شاعیرانی فەرهەنگناسی هەوراماندا جێگەی خۆی کردبووەوە، وەک: بێسارانی، صەیدی هەورامی، مەستوورە خاتوون، میرزا ئۆلقادری پاوەیی و جەهان ئاراخانم، لام وایە شیعری ئەم خاتوونە بۆ ئاوازەکانی نەوسوودی فرە شیاون، چونکە شیعری ئەم خاتوونەش میراتگری شیعری خۆماڵیی پەنجەیە.

**ئیسە نەجای دەس نە وادەی کارەن**
**نە یاگەی تەدبیر هانا و هاوارەن**
**پام هانە پاوەند دوو شاخ زاڵم**
**مەشیا خۆتۆ خاس زانات بە حاڵم**
**تەوقی سەد مەنیم سییەن نەگەردەن**
**سەرتاپای باڵام ئاغشتەی دەردەن.**

جەمیل نەوسوودی و هونەری سەرفرازی، ئەوە دادوەری مێژووییە و هونەرمەند بە زیندوویی دەهێڵێتەوە، ڕەمزی مانەوەی هەتاهەتایی دەکرێتە دەستکەوتی بەرهەمی هونەری، وەک جام، یان ئاوێنەی ڕووتەخت، حەز و ئامانجەکانی نەتەوە بۆ نرخ دانانی پلە و پایەی جەمیل نەوسوودی ناوبانگێک بوو، کە ئاشنای شیعری بڕگەیی ئاوازە بەرزەچڕەکانی ئاهورای بەرگوێی هونەرمەند نەوسوودی دەخات، بە جێگەی شانازی کە وەک



**جەمیل نەوسوودی**

باقە گوراڵە زەردە و سوورە، گوند و لادێکانی وەک مەلی سەرچڵ و سەر پەنچک، دەبێتە چەکێکی بە زەبر، بەر ناو و ناتۆرەی ناحەزان بەرپەرچ دەداتەوە.

لە گۆڤاری مەهاباد-دا ئاماژە بەوە کراوە: «بوون و مانەوەی گشت هونەرمەندێک لەنێو ڕیزی خەڵک و خزمەت بە گەشەی هونەر و فەرهەنگی نەتەوەیی، تەرازووی هەڵسەنگاندنی هونەرمەندانە، لە ئاستی جیهانیدا بە گشتی و گەلانی غەدرلێکراو خوازیاری سەربەستی بە تایبەتی، ناوی هونەرمەندی مۆسیقا (ڤیکتۆر گارا) ئێستایشی لەگەڵ بێت لە دڵ و بیرەوەریی گەلانی ئەمریکای لاتینی و جیهاندا تۆمار کراوە و بە نەمری ماوەتەوە».

ئێستایش جەمیل نەوسوودی لە نێو دڵ و دەروونی جەماوەرەکەیدا نووری چاویانە. ئەم هونەرمەندە چەندان ئاوازی بەرزەچڕی سیاوچەمانەی داهێناوە، بۆیە هەموو خەڵکی هەورامان و دەوروبەری شەیدای دەنگی ئەم هونەرمەندەن. هەمیشە بە نەرمی و لەسەرخۆ

ئاوازەکانی دەچڕی، دوور بوو لە تەنگژەی دەروونی و نزیک بوو لە داهاتووی هاوتەراز، لەگەڵ ڕابوردوو و داهاتوو عەشقی خۆی جەم کردووە. هەمیشە هەگبەی گۆرانییەکانی خەمڕەوێنی هەموو ناخۆشییەکان بووە، هەمیشە گوێگرەکانی شادمان دەکردن، بۆیە بە دەنگی (ئای بەلەنجە گیان)، یان (سەوزەی کاڵەبەی) بیرەوەرییەکانی خەڵکی یاد دەهێناوە.

خەیاڵاتی گەنجانی دەڕژاندە گۆمی خەیاڵانی لاوانی هەورامان و پیرەکانیش بە دەنگی ناسکی و پڕ هەستی، پاشی دەیان ساڵ لە پەردەی گوێیاندا دەزرنگایەوە، واتە ئەم هونەرمەندە تەنیا یەک توێژی ئاشنا نەدەکرد، بەڵکوو هەموو چین و توێژەکانی، بە هەمووانی دەگوت ئێرە هەورامانە، جێگەی لانکەی هونەری بەرزی هونەرمەندانە. هەمیشە یەک دڵ و یەک ئاوات بە سەدای لایەلایەکەی هەمووانی بە هیوا و پاشەڕۆژ و داهاتووی ئەویندار دەهێنایە ئەمپەڕی بڕوا و متمانە بۆ ئاوازە گوشییەکانی، یان وردە بەزمی ئەفسووناوی، هەموو جەماوەری ڕازی دەکرد، نەخوێندەوار بوو، بەڵام ئاوازەکانی وەک نامەیەک لەسەر دێڕەوە بۆ کۆتایی هەمووانی شاد و کامەران دەکرد.

عەشق و ئەوین، یان هەستی پاک لە دەڤەری هەورامان، لە سەردەمانی دێرینەوە بە ڕەسەنی ماوەتەوە، بەڵام وەک پێویست ئاوڕ لەم هونەرمەندە نەدرابووەوە، هەروەها مانەوەی ئاوازی هەورامانی بەر لە سەدان ساڵ تا ئێستا هەر بە زیندوویی ماوەتەوە، ئەوە هۆکەشی دیارە کە دەیان هونەرمەندی گەورەی هەورامان، وەک: ئەحمەدی نازاریێ و حاجی حسێن نارنجلەیی و ئەلیلە و هەیدەر و جەهانبەخش و لالە عوسمان کەیمنەیی و حەمە حسێن کەیمنەیی و ئایشەخانی بەڵخەیی و مەریەم خانی دایکی عوسمان کەیمنەیی و بەیزا خانم و شەمسەی بانیشاری و چەندانی تر دەنگیان بێمایە چوو، چونکە دڵسۆزانی هونەر و پشتیوانانی لە ڕووی داراییەوە، کەم بوون، یان نەبوون. دەیان هونەرمەند بێدەنگ و بێڕەنگ خەم و خەیاڵ و ئەندێشەیان بردە ژێر گڵ.

(ڕکورت زاکس) دەڵێت: «گۆرانی لە چاو ئامێرەکانی موزیکدا کۆنتر و لەپێشترە، چونکە ئەو گەلانەش کە زۆر دوواکەوتوون و بەجێماون، بەبێ ئەوەی شتێک دەربارەی موزیک بزانن، کەچی خاوەنی گۆرانی خۆیانن».

ئاواز و گۆرانیش هەتا ڕەسەنتر بێت، تەمەنی درێژترە، لە سەرەتای دروستبوونی ئادەمیزادەوە ئاواز و گۆرانی سەری هەڵداوە و پەرەی سەندووە، تا ئەمڕۆ دەبینین هونەرمەندان هەر یەکەیان شێوازێکی تایبەتیان بۆ خۆیان هەڵبژاردووە. لالۆ جەمیل نەوسوودی-یش ستایلی تایبەتی خۆی هەبووە، هەر لە گۆرانیی هەڵپەڕکێوە، یان ئاوازی بەرزەچڕی سیاوچەمانە، یان گۆرانیی پیرانە، یان شێخانە، یان دەرەیی، یان گۆرانیی خاو، لالۆ جەمیل نەوسوودی بۆ هەریەکە لەو ئاوازانە، ستایلی تایبەتی خۆی هەبووە. بە شیعری فۆلکلۆری زۆربەی ئاوازەکانی خۆی بەرهەمدار کردووە، ئەمەش چەمکی ئاوازێکی فۆلکلۆرییە کە نەوسوودی زۆر سەرکەوتووانە ئاوازەکەی چڕیوە، بە تایبەتی بەم شیعرە فۆلکلۆرییانە:

**سوورە هەراڵە کۆن چنووری دێز؟**
**کۆن هاڕەی وەروا و مەکنیۆ جە ڕێز؟**
**سوورە هەراڵە شەوبۆ و بۆژانە**
**جیاتی سەوقاتی پەی منش کیانە**

**چنوور بەر ئامان چا کاوە کاوا**
**پێقە و نەچیری هاڕە و وەرواوا**
**شنگە و گا و گۆراڵ سۆسەنلی و شەوبۆ**
**هەریۆ جە ڕەنگیۆ بەر ئامان جە کۆ**
**کەما و بۆژانە بەرزی سەرکەشان**
**بەرزەلنگ بەرزا پۆشانش کەژان**
**ئینە نەورۆز و گرد هەورامانی**
**گرد و تەپۆڵگە و شادی و سەیرانی.**

جەمیل نەوسوودی زۆر بە خۆشی باسی جەژنی نەورۆز دەکات، بۆیە ئەم هۆنراوە، یان دوو بەیتە شیعرە فۆلکلۆرییانەی هەڵبژاردووە و کردوونی بە ئاوازی زۆر جوان و نایاب، لە هەر دێڕە شیعرێکدا باسی گوڵەکانی بەهار دەکات، بەڵام من خۆم سەرم لەوە سوڕدەمێنێت چۆن بە بێ خوێندەواری، ئەم هەموو شیعرانەی لەبەر کردوون! هەریەک لەو گوڵانە لە هەر بن کەمەرێک، یان ئەشکەوتێک خۆیان بە ڕەنگاوڕەنگی دەنوێنن، ئەم هونەرمەندە ئەندازیارانە باسی نەورۆزی کردووە، بە سەلیقە و بە بیری فراوان، هەموو گوڵەکانی لە یەک ئاوازدا کۆکردووەتەوە.

لێرەدا پرسیارێک دێتە ئاراوە و دەڵێت: بۆچی جەمیل نەوسوودی نەخوێندەوار بووە، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا هەزاران بەیتی فۆلکلۆری لەبەرکردووە؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە هانا دەبەمە بەر کتێبی هەورامان و هونەر کە دەڵێت:«بەڵێ وایە، نەوسوو قوتابخانە و مامۆستای هەبووە، وەک مامۆستا ئوسمان (کەیمنەیی) گوتی کاتی منداڵیی ئێمە باری ئابووریی بنەماڵە باش نەبووە و باوک و دایکەکان بە هەزار ڕەنج و مەینەت و چەرمەسەری بژێویی خێزانیان دابین کردووە و ئاشکرایە کە ویستوویانە منداڵەکانیشیان سەرەگوریسێکیان بۆ بگرن و یاریدەدەریان بن، نرخی خوێندنیش وەک ئەمڕۆ نەناسراوە و باوکان و دایکەکان کەوتوونەتە شوێن خەڵکانێکی نەزان، خوێندنیان بە شتێکی غەیرە دینی زانیوە و لێی سڵەمیونەتەوە، سەرەڕای ئەمانەش من کە هەر بە منداڵی باوکم مردووە، دایکم شوویەکی تری کردووە، باوەپیاڕەکەم ناسنامەی بۆ من دەرنەکردووە، بەو بۆنەیەوە نەمتوانیوە بچمە قوتابخانە».

مەبەستەکەی جەمیل نەوسوودی، ئەوە دەردەخات کە کاریگەریی باری ئابووری وا دەکات مرۆڤ نەتوانێت بخوێنێت، چونکە بژێویی لە سەردەمی منداڵیی ئەم هونەرمەندە گەورەیە زۆر گران بووە. سەیر لەوەدایە دەیان پرسیاری دی دێنە مەیدانی باسەکەوە کە شایانی وەڵامدانەوە بن، بەڵام کە ئابووری شادەماری میللەتان و هەموو خانەوادە و هەمووانە، بۆیە بۆ لالۆ جەمیل نەوسوودی نەلواوە بخوێنێت، لەگەڵ ئەوەشدا بە قەدەر دەیان خوێندەوار ئاواز و شیعری تایبەتی خۆی هەیە کە مرۆڤ سەرسام دەکەن، چۆن ئەو هەموو شیعرانەی لەبەرکردووە و لەگەڵ ئاوازەکاندا دەستلەملانێی کردوون! زۆر بوێرانە لەگەڵ ڕیتمدا لای نەداوە. دیارە ئەو لانەدانەش هۆکەی ئەوەیە کە کێش و سەروای خۆماڵی و کێشی پەنجە هەوێنی هەموو ڕیتمەکانە. جەمیل نەوسوودی -یش لەسەر کێشی پەنجە گۆرانی چڕیوە، کە من خۆم یەکەم عوسمان کەیمنەیی بە پاشای گۆرانیبێژان دادەنێم، حەمە حسێن کەیمنەییش بە ناڵەی سەربڵندی هەورامان و ئاهورا دادەنێم.

هەر سێ هونەرمەند خوێندەوارییان نەبووە، بەڵام هەرسێکیان لە لووتکەی خوێندەواریی بەرزدا بوون، چونکە کەسێک بتوانێت هۆنراوەی خانای قوبادی و بێسارانی و سەیدی و میرزا ئۆلقادری پاوەیی و جەهان ئارا و مەستوورەی

ئەردەڵانی و مەولەوی لەبەر بکات، ئەدی ئەوە لە لووتکەی خوێندەواری نییە؟ چۆن ئەو هەموو فۆلکلۆرەیان لە سنگیاندا کۆکردووەتەوە و بەیت بە بەیت ئاواز و ستایلی خۆیان ئەدا کردووە؟

مەبەستی من تایبەتە بە لالۆ جەمیل نەوسوودی کە چۆن و بە چ هۆیەک ئەو هەموو شیعرانەی لەبەر کردووە، بەبێ ئەوەی یەک شیعر، لە فۆلکلۆری کوردی، لەگەڵ شیعری شاعیراندا تێکەڵ بکات؟ بۆیە بەلامەوە هونەرمەندی نەوسوودی سەرقافڵەی خوێندەواران بووە.

**بۆچی بە کێشی خۆماڵی ئاوازەکانی چڕیوە؟**

ئەم کێشی خۆماڵییە زۆر بە سانایی و بە باشی لەگەڵ (بارە) موزیکییەکاندا دەلوێت، کە ئەمەیش میللەتی کورد هەر لە دێرزەمانەوە تا ئەو سەردەمەی (نالی، سالم، کوردی)، ئەدەبی کوردی لە هۆزاندا یەکبووە، بەڵام ئەو کێشەیە کەمێک هۆزانی خۆماڵیی دواخست و عیشقی پاکی کوردی کەمبووە. لە زمانێکەوە بۆ زمانێک واتا فراوانتر دەبێت، لەبەرکردن کەمتر دەبێت، ئاواز کەمتر دەبێت، ئەمەش کاری کردە سەر کەم لەبەرکردنی فۆلکلۆر، کە بە کێشی خۆماڵی فرە بە باشی فۆلکلۆر لەبەر دەکرا.

هونەرمەند لالۆ جەمیل نەوسوودی گۆرانیبێژان، لە ئاوازی دەرەییدا زانا و لێهاتوو بووە، چونکە ئاوازی دەرەییش بەشێکی دانەبڕاوی ئاواز و گۆرانیی ئاهوراییە، لە سەردەمی زەردەشتدا، یان پێشتر ئاوازی بەرزەچڕیان بە شێوازی نایاب چڕیوە.

نموونەیەکی دی گۆرانیی دەڤەرەکە، کە لە سەردەمی زەردەشتدا چڕیویانە، ئاوازە بەرزەچڕەکان بوون، بەڵام لە قۆناغی کۆچەرایەتی بۆ قۆناغی ڕاووشکار، یان قۆناغی نیشتەجێبوون بۆ کشتوکاڵ، گۆرانی، یان ئاوازی دەرەیی هاتە کایەوە کە پێش سێ هەزار ساڵ لەمەوبەر دەستی پێ کردووە.

بۆ نموونە ئاوازی خاڵۆی ڕێبوار مێژووەکەی بۆ ئەو سەردەمە دەگەڕێتەوە. دیارە نموونەی ئاوازی (خاڵەی ڕێبوار)م لە لاپەڕەکانی پێشوودا تۆمار کردووە، بۆیە نموونەیەکی شیعری دیکە دەبێتە سەربەندی ئاوازێکی تری دەرەیی، کە بەم شێوەیە هاتووە:

**کڵاو زەرەکێت پەنەت کەوتەرە**
**بیە مانگ و ڕوجیار دنیاش گێرتەرە**
**سەر بە کڵاوزەڕ مەل بە ئێڵانچی**
**سەر و ڕۆحەکەیم هەرچی تۆ ماچی**
**لووتەوانەکەت نەخشی دیمەنا**
**زوڵت بەرەزای نەپای چیمەنا**
**گۆشەوارەکەت جەگوش ئاوێزان**
**خۆ پایز نامان من گەڵام ڕێزان.**

زیرەکی و بلیمەتیی ئەم هونەرمەندە لە ڕادەبەدەر بووە، خۆشی ئارەزووی لەسەر مەبەستەکە هەبووە، واتا مەیلی زۆری بە لای ئاواز و گۆرانییەوە هەبووە، هەروەها سروشتی هەورامان ئەویش هۆیەکی سەرەکی دی بووە، چونکە ژینگەی لەبار و کەشوهەوای گونجاو، ئەمانەش هۆکار بوون بۆ ئەوەی نەوسوودی لە بوارە جیاجیاکانی ئاواز و گۆرانیدا ئەسپی خۆی تاو بدا، بە تایبەتی ئاوازی بەرزەچڕی سیاچەمانەکان.

جەمیل نەوسوودی هەموو باخچەکانی گۆرانیی هەورامی گەڕاوە، لەگەڵ برایانی کەیمنەیی ڕۆڵی کاریگەری هەبووە بۆ پێشەوەبردنی هونەری ڕەسەنی هەورامان و پاراستنی ئەم سامانە، کە بە دەنگی ڕەسەنیان، وەک ئەمانەتێک ئەم سامانەیان فرە بە زەریفی پاراستووە، وەک

سەرمایەی نەتەوەیی، بۆیە مانەوەی میللەتان، یان گەلان بە هونەرەکەیانەوە بەندە، بە تایبەتی فەرهەنگ و ئەدەبیاتی هەورامان لە دێرزەمانەوە ئەو خاسیەتەی هەبووە. تێکەڵنەکردنی ئاوازەکان لەگەڵ ئاوازی بێگانەدا، ئەمەش ڕۆڵێکی کاریگەری هەبووە. سیاوچەمانە و ئاوازەکانی تری هەورامان و سوڵتانی سیاوچەمانە، هەروەها موزیک خۆی لە خۆیدا فەرهەنگی سەرجەم نەتەوەی ئاریانڤاچەکان و بوونی خەڵکی دڵسۆز، هاندەری ئەم سەرمایە نەتەوەییە بووە، کە لالۆ جەمیل نەوسوودی پارێزگاریی لە فۆلکلۆرەکە کردووە، ئەمەش هۆیەکی سەرەکیی تری سەرکەوتنی (لالۆ جەمیل نەوسوودی)ـە.

ئاوازی فۆلکلۆر مۆرکی نەتەوەیی پێوە دیارە، ئەمەش سەرمایەیەکی گەورە بۆ نەوەکانی داهاتوو دابین دەکات. لالۆ جەمیل نەوسوودی و لالۆ عوسمان کەیمنەیی و لالۆ حەمە حسێن کەیمنەیی، ئەم سێکوچکەیە، دەتوانم بڵێم ئەوانە بوون پەرەیان بە زیندووکردنەوەی ئاوازە فۆلکلۆرییەکان دا و زیندوویان کردنەوە، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی ئاوازەکان بە ساغی و بێدەستکاری، وەک گەنجینەیەک ئاوازی و شیعری برگەیی ئەو سامانەیان پڕ بەها کردووە.

ئەم سێ هونەرمەندە کە سیاوچەمانە دەچڕن، ئەو دەنگانەیان بە شێوازی فۆلکلۆری خەرمانەی ئاوازەکانیان دەوڵەمەند کردووە، مەبەستی تەواوی فۆلکلۆر بە باشی هاتووەتە دی، واتە ئاوازەکانیان نەوە بۆ نەوە بە مۆرکی ڕاستەقینەی خۆیەوە هێشتراوەتەوە، سێکوچکەی سیاوچەمانەچڕان لەو بوارەدا کەمتەرخەمییان نەکردووە، هەر ئەو هۆیەش، بووەتە هۆی دەوڵەمەندکردنی ئاوازە جۆربەجۆرەکانی هەورامان و وەک سەرمایە بۆ ئێمەیان بەرهەم هێناوە، ئەمەیش نموونەیەکە کە دەڵێن:

**هەر وەختێو کریوم تاسەی گۆرانی**
**نە چۆڵم پەی هەن نە ئاوەدانی**
**ئاقولە بانە شیرین وەرمت بۆ**
**لێفەکەی لادە نەکای گەرمت بۆ**
**پووشینت بەستەن ئا سەر و خاڵاْ**
**فرە خاست بەستەن دەسێت نەناڵاْ.**

هونەری موزیکی هەورامان سەرچاوەکەی لە خاکوخۆڵی خۆیەوە قەراری گرتووە، هەرچەندە بە شێوەیەکی باش ئاوڕی لێ نەدراوەتەوە، بۆیە پێویستە لەسەر توێژەران و موزیکژەنەکان، دڵسۆزانە و بە وردی، سەرنج و بۆچوونەکانیان لەو بوارەدا بە باشی و پەرۆشانە بگەیەنن، مێژووی موزیکی خۆیان لە ڕەگوڕیشەوە بنووسنەوە و زیندووی بکەنەوە، چونکە ساڵ بە ساڵ خۆزگەم بە پارە، بۆیە پەلەکردن لە تۆمارکردنی دەنگی ئەو کەڵە هونەرمەندانە، ئاوڕدانەوەیە لە ئێستا و داهاتوو، ئێستاش دەبێت بە ڕابوردوو، بۆ ڕابوردووش دەبێت نووسەر و مرۆڤی شارەزا فریای ئەو دیرۆکە بکەوێت.

**سەرچاوەکان:**

١ـ سەلاح نیساری، خەزێنەی هەرمان، گۆڤاری مەهاباد، ژمارە ١٥٧، ساڵی ١٣٩٣ هەتاوی، ل٤٠.
٢ـ دارا محەمەد عوسمان، مێژووی موزیکی هەورامان، بەرگی یەکەم، چاپخانەی سەردەم، چاپی یەکەم، سلێمانی، ساڵی ٢٠١٠ی زایینی، ل١٥١.
٣ـ هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٥١.
٤ـ هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٣.
٥ـ سروە مورادی (کازیوە)، جەهان ئارا خاتوون،

گۆڤـاری مەهابـاد، ژمـارە ٢١٣، سـاڵی ١٣٩٩ی هەتـاوی، ل٤٨.
٦ـ عەزیـز وەلیانـی، شـەجەریان و هونـەری سـەرفرازی، گۆڤـاری مەهابـاد، ژمـارە ٢١٣، سـاڵی ١٣٩٩ی هەتـاوی، ل٣.
٧ـ دارا محەمـەد عوسـمان، مێـژووی موزیکـی هەورامـان، بەرگـی یەکـەم، چاپخانـەی سـەردەم، چاپـی یەکـەم، سـلێمانی، سـاڵی ٢٠١٠ی زایینـی، ل٣١١.
٨ـ هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٤.
٩ـ جەلیـل عەباسـی (قەقنـەس)، هەورامـان و هونـەر، بەشـی یەکـەم، چاپخانـەی دارا، چاپـی یەکـەم، هەولێـر، سـاڵی ٢٠٠٧ی زایینـی، ل٣٦.
١٠ـ دارا محەمـەد عوسـمان، مێـژووی موزیکـی هەورامـان، بەرگـی یەکـەم، چاپخانـەی سـەردەم، چاپـی یەکـەم، سـلێمانی، سـاڵی ٢٠١٠ی زایینـی، ل١٥٠.
١١ـ هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٠.
١٢ـ هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٣٠١.
١٣ـ هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٠.
١٤ـ جەلیـل عەباسـی (قەقنـەس)، هەورامـان و هونـەر، بەشـی یەکـەم، چاپخانـەی دارا، چاپـی یەکـەم، هەولێـر، سـاڵی ٢٠٠٧ی زایینـی، ل٣٨.
١٥ـ سـەلاح نیسـاری، خەزێنـەی هەرمـان، گۆڤـاری مەهابـاد، ژمـارە ١٥٧، سـاڵی ١٣٩٣ هەتـاوی، ل٤١.
١٦ـ دارا محەمـەد عوسـمان، مێـژووی موزیکـی هەورامـان، بەرگـی یەکـەم، چاپخانـەی سـەردەم، چاپـی یەکـەم، سـلێمانی، سـاڵی ٢٠١٠ی زایینی، ل٢٥.
١٧ـ هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٥٢٠.
١٨ـ دارا محەمـەد عوسـمان، دەسـتخەت، چـاپ نەکـراوە.
١٩ـ جەلیـل عەباسـی (قەقنـەس)، هەورامـان و هونـەر، بەشـی یەکـەم، چاپخانـەی دارا، چاپـی یەکـەم، هەولێـر، سـاڵی ٢٠٠٧ی زایینـی، ل٣٩.
٢٠ـ دارا محەمـەد عوسـمان، مێـژووی موزیکـی هەورامـان، بەرگـی یەکـەم، چاپخانـەی سـەردەم، چاپـی یەکـەم، سـلێمانی، سـاڵی ٢٠١٠ی زایینـی، ل٥٣٧.
٢١ـ دارا محەمـەد عوسـمان، عوسـمان کەیمنەیـی و سیاچەمانەی هەورامـان، چاپخانـەی پیرەمێـرد، چاپی یەکـەم، سلێمانی، سـاڵی ٢٠٢١ی زایینـی، ل٥٧.
٢٢ـ جەلیـل عەباسـی (قەقنـەس)، هەورامـان و هونـەر، بەشـی یەکـەم، چاپخانـەی دارا، چاپـی یەکـەم، هەولێـر، سـاڵی ٢٠٠٧ی زایینـی، ل٨٦.